# چاکەکاری: بریتیە لە ڕەوشت جوانی، وتاوان (گوناھـ) ئەو شتەیە کە دوو دڵیت سەبارەتی، وحەز ناکەیت خەڵکی پێی بزانێت

لە نەواسی کوڕی سەمعانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «چاکەکاری: بریتیە لە ڕەوشت جوانی، وتاوان (گوناھـ) ئەو شتەیە کە دوو دڵیت سەبارەتی، وحەز ناکەیت خەڵکی پێی بزانێت». لە وابیسەی کوڕی مەعبەدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، فەرمووی: «هاتووی پرسیار بکەیت سەبارەت بە چاکە و خراپە (گوناھـ)؟»، ووتم: بەڵێ، فەرمووی: «پرسیار لە دڵت بکە، چاکە: ئەوەیە کە دەروون و دڵ پێی ئارامە، و خراپە (گوناھـ): ئەوەیە کە لە ناختدا دەجووڵێت و لە سینگتدا دوودڵیت سەبارەتی؛ ئەگەرچیش خەڵکی فەتوات بۆ بدەن».

[سەحیح - ڕاست)] [الحديث الأول: رواه مسلم، والحديث الثاني: رواه أحمد والدارمي)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی چاکە وخراپەی (گوناهی) کرد؛ وفەرمووی: لە گەورەترین تایبەتمەندیەکانی چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی لەگەڵ الله بە تەقواداری، و لەگەڵ خەڵکی بە ئارامگرتن لەسەر ئازار، وکەمی توڕەیی، وڕووخۆشی، وقسە جوانی، وگەیاندنی پەیوەندی وگوێڕایەڵی ونەرمونیانی وچاکەکاری وباشی لە مامەڵە وهاوڕێیەتیدا. وچاکە ئەوەیە کە دڵ ودەروون پێی ئارام وهێور دەبێتەوە. سەبارەت بە خراپە (گوناھـ)؛ هەرشتێکە لە نەفسدا بجولێت لە شتە گوماناویەکان ودوودڵ بیت سەبارەتی وسینگ پێی ئارام نەبێت، ودڵ دەربارەی گوماناوی بێت، وبترسێت لەوەی گوناهە، ونەتەوێت ئاشکرای بکەیت چونکە ناشیرینە لە پێش چاوی خەڵکە چاکەکان، چونکە نەفس سروشتی وایە حەز دەکات خەڵکی چاکەکانی ببینێت، بۆیە ئەگەر حەز نەکەیت خەڵکە چاکەکان هەندێك لە کردەوەکانت ببینن؛ ئەوا ئەو کردەوانە گوناهن وخێریان تێدا نییە، وئەگەر خەڵکی فەتوات بۆ بدەن سەبارەتی؛ ئەوا فەتواکەیان وەرمەگرە چونکە نیشانەی گومان لە ناختدا دێت و دەچێت، وفەتوا لەڕاستیدا گومانەکە ناسڕێتەوە لە حاڵەتێکدا کە موفتییەکە بەبێ زانست فەتوا بدات، بەڵام ئەگەر فەتواکە لەسەر بنەمای بەڵگەیەکی شەرعی بوو؛ ئەوا واجبە لەسەر فەتواخوازەکە قبوڵی بکات، ئەگەرچیش دڵی پێی ئارام نەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66540

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee